جگە لەمانە، شەرەفخان بە پەنجەی هونەرمەندانەی خۆی «بەپێی هونەری ئەو سەردەمە، کە لە ئێراندا باوبووە و ئێستا پێی دەڵێن میناتۆر» سێ تابلۆی ڕەنگینی تایبەت بە مۆسیقا وێنەکێشاوە... وێنەکان ئاماژەن بۆ ئەو کۆڕی گۆرانی و مۆسیقایانەی لەو ڕۆژگارەدا لە سێبەری دەسەڵاتدرایی کوردیدا، مۆسیقا ڕێز و برەوی هەبووە. ئەم سێ وێنە ڕەنگینە، لەو: شەرفنامە دەستخەتەدا هەبوون، کە مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف چنگی خستووە و بەر لەچەند ساڵێک لە سوید چاپکراوە. مامۆستای ناوبراو، لەسەر داوای خۆم، فیلمی هەر **٣** وێنەکەی بۆ ناردبووم.

هەر لەژێر سێبەری ئەو میرنشینە کوردییانەی «جزیرە و بۆتان و بەتلیس و حەسەنکیفا»شدا، کە شەرەفخانی بەتلیسی باسیان دەکات، شاعیرانی گەورەی وەک مەلای جزیری (سەدەی ١٥ی زایین) و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧ز) تێدا هەڵکەوتوون، بەو ئاماژە زۆرەی لە شیعرەکانیاندا بۆ جۆرەکانی ئامێری مۆسیقا و گۆرانی دەکەن، بەڵگەن بۆ ئاستی پێشکەوتنی مۆسیقا و مەقام و گۆرانی ئەو ڕۆژگارانە، کە مەلای جزیری ناوی ئەم ئامێرانەی مۆسیقای هێناوە: ڕوباب، چەنگ، نای، دەف، قانون، ئەرگەنون(٩٤، ١٢٢- ١٥٧).

بەڵام ئەحمەدی خانی ناوی ئەم مەقامانەی خوارەوە دێنێ:

عوشاق، نەوا، ئوج، گردان، یان کوردان، ڕەهاوی، گوشت، شەهناز، حەزین، ئاهەنگ، تەرەنوم، سەروسەهی، سەبا، سەدا، نەوبەهاری، شاهێن، دڵ ڕوبا، دڵگوشا، نەغمە، نصفیە، هوزار، ئەوازە، گولڕوح، دلڕوبا.

جگە لەمانە، **خانی** وەک شارەزایەکی مۆسیقازان، لە گۆرانی و ئاوازدا، ئاواز و مەقامی جیا کردۆتەوە، چونکە لە شیعرەکانیدا هەریەکەیان بەجیا جیا باس دەکات، کە بەمە گرانییەکی زەق دیتە گۆڕێ و جارجارەش باسی تێکەڵکردنی مەقامەکانی **ڕەهاوی** و **سەماع** «سەماعی» دەکات. یان ئەم واژە و زاراوە مۆسیقاییانەی خوارەوە بەکاردێنێ. وەک: **زەمزەمە، ژێرگوڵە، سازگار، سەفا، طەنانە، گوڵستان، گوڵعوزار، لالەروخ، ناز، نازەنین، نەسیم، نیگار، نەورەسیدە، نەورۆز، بەزم، پەردە، هەوا، جامی جەم، شەودێز، زەنگوڵە، موخالیف، مەقلوب، بێداد، دڵنەواز.**

هەروەها ناوی ئەم ئامێرە مۆسیقاییانەش دێنێ: دەف، قانون، چەنگ، ڕوباب، کەمانچە، عود، تەنبور، سور-کە لە جێگەیەکی تردا، ناوە هاوتا کوردییەکەشی پێدەڵێت: کەڕەنا-، ناقوور، سەنتور، نای، ساز، یان **سازان**، کوس، ضرنا «سورنا»، ،نەفیر میتر «میهتەر»، تەپڵ، خان و سازان، جەرەس، میضراب.









«ئەولیا چەلەبی»ش، لەو سیاحەتنامەیەیدا کە لە ساڵی (١٦٣٠ز) بۆ میرنشینی جزیرە و بۆتانی کردووە و چاوی بە عەڤداڵ خانی میری جزیرە و بۆتان کەوتووە؛ سەبارەت بە هونەر و بەهرەی میر عەڤداڵ خان دەڵێت: «لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا هەر باس ناکرێ، مەقامی ڕاست و دووگا زۆر باش دەزانێ و لە وتنی زەجل و زیکر و تەسنیف و مورەبەعات و وارسیقی و شەرقی و سەرچیادا وەستایەکە، کەس نایگاتێ. هەرچەندە دەنگی زۆر زلە، بەڵام کە دەست دەداتە ئامێرێکی مۆسیقا و شیعری «حافز» بە بیست و چوار ئوسوڵەوە دەڵێت، مەل بە ئاسمانەوە ڕادەگرێ. لە تەپڵ لێداندا وەستایەکە، دەتوانێ لەنێوان چوار تەپڵدا دابنیشێ و دەست بگەیەنێتە هەر چواریان و بە شێوەیەکی ڕێک، کاری چوار تەپڵ کوت بەجێ بهێنێ. بەهۆی ئەم وەستاییەوە، سوڵتان موورادی چوارەم (١٦٢٣ – ١٦٤٠ز) خەرجی مووشی پێ دەبەخشێ(٩٠، ١٢٤– ١٣٠). هەر ئەم گەڕیدەیە لە باسی مەلاتیەدا، دەربارەی دەنگخۆش و مۆسیقازانەکانی کورد، دەڵێت: «دەنگخۆش و مۆسیقاژەنەکان هەریەکە لەلایەکەوە کۆڕی خۆیان گەرم دەکەن و ئاسمان دەخەنە سەما»(٩٠، ٢٤). دیسان لە گەڕانەکەیدا لە باسی ئاسنگەرەکانی شاری دیاربەکردا دەڵێت: ئاسنگەر و وەستاکار و مسگەرەکان لە کاتی کارکردندا چەکوشەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا دادەوەشێنن و مەقامی **سێگا** و **حسەینی** و هی تری پێ لێدەدەن و خۆشیان لەگەڵی دەڵێن؛ هەرکەس گوێی لێی بێ، پێی ڕۆیشتنی نامێنێ(٩٠، ١٣٢).

دوای ئەولیا چەلەبیش، چەند گەشتوەر و کوردناسێکی تر، لەچەند سەردەمی جیاوازی مێژوویيدا، لە بارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوە نووسیویانە، یان هاتوونەتە کوردستان و هەریەکەیان بە جۆرێک باسی گۆرانی و مۆسیقا دەکەن.

یەکەمیان میستەر کلودیوس جیمس ڕیچ (٤٧٨٧–١٨٢١ز)، کە لە بەهاری ساڵی (١٨٢٠ز)دا هاتۆتە کوردستان و لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا گەیشتۆتە سلێمانی و میوانی مەحموود پاشای بابان بووە، سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەڵێت: «پاشاکانی بابان، لەگەڵ پیاو ماقوڵەکانیاندا، هەفتەی جارێک، یان دووجار کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگرن(١)، موسیقاکەیان لەم ئامێرانە پێکهاتووە: دەهۆڵ، زورنا، شمشاڵ، تەپڵ، دەف، بلوێر، دووزەلە».

(١) وەک لە سەفەرنامەکەی ڕیچدا دەردەکەوێ، عوسمان پاشای بابان (برای مەحموود پاشای بابان و کوڕی ئەورەحمان پاشا)، ئامێری کەمانچە (وێڵۆن)ی بووە و حەزی لە کەمانچەژەندن بوویێت؛ کە هەر ڕیچ خۆی پێشتر بە دیاری بۆی بردبێت. چونکە ڕیچ لە بیرەوەری ڕۆژی [١٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠]دا ئاوای نووسیوە: عوسمان پاشا باسی کەمانچەیەکی بۆ کردم، پێشتر خۆم بە دیاری دابوومێ، تکای لێکردم کە بیرم نەچێ ژێیەکانی بۆ بکرم...(٩٨، ٣٠٩)



هەروەها لە شەوانی سلێمانی دا دەڵێت: «دوێنێ شەومان لەگەڵ دوو بلوێرژەنی کورددا بەسەربرد. کە بلوێرەکانیان لە قامیش دروست کرابوون، هەردووکیشیان لەسەرخۆ و خەمگێن، بە ئاوازی دڵتەزێن، بلوێرەکانیان لێدەدا، باشترین ئاوازیان، گۆرانییەک بوو ناوی **لەیلێ گیان** بوو، گۆرانییەکی تریش بە **ئەزدەنالم** دەستی پێ دەکرد. جگەلەمانەش گۆرانی تری بەناوبانگی کوردی، وەک: **مەمکوژە بەناز** و **مەلەکێ جان** و «ئازیزێ»یان بۆ وتین(٩٨، ١٥٤).

لە شێوەی گۆرانی «سنە»ش، گۆرانییەکی سنەیی یان بۆ وتین، کە لە هاوارێکی خەمناک دەچوو، بەڵام ئەوانەی **سلێمانی**، وایان دەرخست کە کەمێکی لێ تێگەیشتوون(٩٨، ١٥٤). لە جێی خۆیدایەتی، لەناوهێنانی گۆرانی «سنە»ییدا، ئەو دوو کاسێتە **[نەوار]**ەی نووسەری سنەیی: محێدین حەقشناس، بەیاد بێنمەوە، کە لەم (٦،٥) ساڵەی دواییدا، بەناوی: «شارەکەم سنە»وە، تۆمار و بڵاوکراوەتەوە(١).

لەم دوو کاسێتەدا حەقشناس، مەنزوومەیەکی درێژی، بە دەنگی خۆی خوێندووە، کە بریتییە لە هەڵدانەوەی لاپەڕە پرشنگدار و شیرینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کوردەوارییانەی شاری سنە و هەمەجۆر یادگار و بیرەوەری سامانە فۆلکلۆرییەکانی شاری سنەی بۆ ئەم ڕۆژگارە، بەیاد هێناوەتەوە و بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانی سنەییشی بەسەرکردۆتەوە، کە لە کۆپلەیەکی ئەم مەنزوومە بە نرخەدا، ناوی هەندێ گۆرانی و گۆرانیبێژانی سنە و بە تایبەتیش گۆرانی بەناوبانگی لادیواری «کە تایبەت بووە بە شاری سنەوە» بیر خستۆتەوە. بۆیە بۆ ئاگاداری خوێنەران بە چاکم زانیوە ئەم برە شیعرەی ناوبراو، کە هەر بەشێوەکەی خۆی، بەهەمان فۆنەتێکی شێوەزاری سنەیە، لەسەر نەوارەکەوە بگوێزمەوە بۆ ئێرە:

سەدوپەنجا ساڵ، بەر لەم کار منە،
یانی: مەنزوومەی **شارەکەم سنە**،
**«حەمە کەچەڵ»**ێک، لەم شارە بووگە
شەو، بە دەنگ خۆشە و بەر ماڵ یار چووگە
یار **کاڵێی** ناو بوو، یار قژی کاڵ بوو
بۆ **حەمەی** هەژار دارایی و ماڵ بوو

(١) ئەم کاسێتە لەلایەن پەخشخانەی سروش– تاران و بەتەقەللای ماجد مەردوخ ڕۆحانی بڵاوبۆتەوە.